





زەنگ

www.zengkurd.net

هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت

ساڵی چوارەم ژمارە (١٠٩) **دووشەممە** ٥-١-٢٠٠٩ز بەرامبەر ١٥-١٠-٢٧٠٨ ک


**لەیەکەم دەرکەوتنیدا بۆ میدیای کوردی..**

**یاریزانێکی دێرینی هەڵبژاردەی عێراق بۆ زەنگ دەدوێت**


بڕوانە لاپەڕە ٧


## ئاسەوارەکان تەمەنیان زیاتر لە سەد ساڵە

# وەزارەتی ئەوقاف دوو ئاسەواری کفری دەڕووخێنێت

**زەنگ-تایبەت:**

دوو مزگەوتی دێرینی شاری کفری، کە تەمەنی هەر یەکەیان زیاتر لە سەد ساڵە، لەلایەن وەزارەتی ئەوقافی کوردستانەوە دەڕووخێنرێن و وەزیری گەشتوگوزار هیچ لێدوانێکی لەسەر نادات، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاسەواری گەرمیانیش رایدەگەیەنێت، کە پێش ڕووخانەکە پرسیان پێکراوە و ڕازی بوون لەسەر ئەوەی نۆژەن بکرێتەوە، نەک بڕووخێنرێت.

مزگەوتی خانەقای نەقشبەندی لە کفری و مزگەوتی گەورەی کفری (مزگەوتی حەنەفی) دوو ئاسەواری دێرینی مێژوویین لە شارەکەدا و تەمەنی هەر یەکەیان بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەگەڕێتەوە، وەزارەتی ئەوقاف بەمەبەستی تازەکردنەوەیان دەیانڕووخێنێت.

کەمال نوری مەعروف بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاسەواری گەرمیان بە(زەنگ)ی ڕاگەیاند، ئەوان بەمەرجێک ڕەزامەند بوون، کە هەر بیناکە نەڕووخێنرێن، بەڵکو نۆژەن بکرێنەوە و کار نەکاتە سەر هونەری بیناسازی مزگەوتەکان.

مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستان بە(زەنگ)ی وت:"بە وردی ئاگاداری ڕووخاندنی ئەو مزگەوتە نیم، بەڵام ئەگەر ئاسار بێت و بڕووخێنرێت کارێکی باش نییە".

لەلای خۆیەوە شکور حەمەی هەیەر نوێنەری ئاسەواری گەرمیان لە کفری بە(زەنگ)ی وت:"مزگەوتی خانەقا ماوەیەکە ڕووخێنراوە، ئێستا کاری تیادا ناکرێت لەبەر ئەوەی کەسانێک دەیانەوێت دیوی دەرەوەی بکرێت بە دوکان و ئێمەش نارازین چونکە کار دەکاتە سەر فەوتانی سیمای ئاسەوارییی ئەو مزگەوتە".

لەبارەی شوێنەواری مزگەوتی گەورەشەوە نوێنەرەکەی ئاسەوار ڕایگەیاند، پێش ڕووخانەکەی هەندێک لادیواری هونەریی ناو مزگەوتەکەی دەرکردوە و پاراستویەتی و ئەوقافیش بەڵێنی داوە، کە هەمان نەخشەسازی پێشووی دروستی بکەنەوە و سیمای شوێنەوارییی خۆی تێک نەدەرێت.

زەنگ هەوڵی دا پەیوەندی بە نەمرود بەشیر وەزیری گەشتوگوزاری حکومەتی کوردستانەوە بکات، بەڵام ناوبراو لەبەر ئەوەی ئەوکات لە وەزارەت نەبوو، هیچ لێدوانێکی نەدا.



شوێنەواری دێریني باوەشاسوار لە کفری فۆتۆ: زەنگ

## ١٠ ڕۆژنامەنووس هەڕەشەی لێدەکرێت

# لە شەش مانگدا، (٧٢) حاڵەتی پێشێلکاری دژی مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تۆمار کراوە

**زەنگ-هەولێر-هێمن بابان:**

چوارشەممەی ڕابردوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕاپۆرتێکدا ئەو پێشێلکارییانەی بڵاوکردەوە، کە لە شەش مانگی ڕابردوودا دژی مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کراوە و نەقیبی سەندیکایش ڕایدەگەیەنێت، ڕاپۆرتەکەیان زۆر کەس تووڕە دەکات و جێی متمانەشە.

لەو ڕاپۆرتەدا، کە دانەیەکی دەست (زەنگ) کەوتوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە ١٤ ڕۆژنامەنووسی کوردستان لێیان دراوە و ١٠ ڕۆژنامەنووسیش هەڕەشەی لێکراوە و دەستدرێژی کراوەتە سەر زۆرێکی تریش و چەندین ڕۆژنامەنووسیش داوای یاساییان لەسەر تۆمار کراوە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوەش بڵاوکراوەتەوە، کە زۆربەی دەستدرێژییەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان لەلایەن پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی بەرپرسە حزبی و حکومییەکانەوەیە.


**لەلاپەڕە ٢ دا ڕاپۆرتەکە بڵاوکراوەتەوە**


## پسپۆڕێکی شەریعەتی ئیسلامی بۆ زەنگ:

# "لەحاڵەتی فشاری شەهوەتدا، گەنج دەتوانێت خوەنهێنی بکات"

**زەنگ-تایبەت:** پسپۆڕێکی بواری شەریعەتی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت، گەنجان لەکاتی فشاری شەهوەتیاندا دەتوانن خوەنهێنی بکەن و لایەنە مەکروهیەتەکەی وەربگرن، لە ئیسلامیشدا ڕوون نەکراوەتەوە ئەو کارە حەرام بێت، نەشوتراوە حەڵاڵە.

مەلا قانع خورشید پسپۆڕی شەریعەی ئیسلامی لە گفتوگۆیەکی دووروودرێژیدا لەگەڵ زەنگ ئاماژە بەوە دەکات، کە مامۆستایانی ئایینی کەمتەرخەمی دەکەن لە باسکردنی مەسەلە سێکسییەکان و پێیان وایە شەرمە ئەو باسانە بکرێت

وەزارەتی ئەوقاف گۆڕانکاری لە مەلا و خەتیبەکاندا دەکات

# ٤٧%ی خەڵکی سلێمانی لە وتاربێژی مزگەوتەکان ڕازی نین

**زەنگ-گەرمیان-هەولێر:**

ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕاپرسییەک لە ناو هەموو مزگەوتەکانی گەرمیاندا بڵاودەکرێتەوە و تیایدا ئەوە خراوەتە ڕوو، کە تا چەند خەڵک لە وتاربێژی ئەو مزگەوتانە ڕازین و ئاخۆ بگۆڕێت باشترە یان هەر بۆ هەر مزگەوتێک دوو ئیمام دابنرێت، کە بە نۆرە وتار بخوێنن. وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت، کە ڕاپرسییەکە لەلایەن ئەوقافەوە سەرپەرشتی دەکرێت و مەبەست لێی بەدەنگەوە چوونی ناڕەزاییەکانی خەڵکە.

مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستان بە(زەنگ)ی وت:"دوای ئەوەی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا هاووڵاتیان ناڕەزاییان هەبوو لە وتاربێژی مزگەوتەکان، ئێمە وامان بەباش زانی، ئەو ڕاپرسییە بڵاوبکەینەوە و کار بە ئەنجامەکانیشی دەکەین".

نەقشبەندی ڕوونی کردەوە، کە ڕاپرسییە شەش مانگە دەستی پێکراوە لە شارەکانی تری کوردستاندا و دوا شوێنیش گەرمیان بوە. ڕایشیگەیاند، کە ئەنجامی ڕاپرسییەکە لە کۆنفرانسێکی وەزارەتدا دەخرێتە ڕوو، کە کۆتایی ئەم مانگە دەیبەستن.

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف وتیشی:"هەفتانە لە کوردستاندا دوو ملیۆن کەس دەچێتە مزگەوتەکان و خەڵکێکی زۆریش گلەییان لە ئەدائی بەشێکی زۆری وتاربێژەکان هەیە. ئەوەش ناشارینەوە، کە ئەنجامی ڕاپرسییەکە تا ئێستا دڵخۆشکەر نییە و تەنها لە پارێزگای سلێمانی ٤٧%ی خەڵک لە وتاربێژەکان ڕازی نین".

### پۆزش و ڕوونکردنەوە

لە ژمارەی ڕابردووی زەنگدا بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە لەلاپەڕە (١)دا مانشێتێک بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (نوێنەری شاری کفری لەپەرلەمان داکۆکی لەشارەکەی ناکات)، بەڵام هەواڵەکە پەیوەندی بە مانشێتەوە نەبوە و ئەو مانشێتە بەهەڵە دابەزیوە و هەواڵی لەو جۆرە نەبوە لە زەنگ.

داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەین.


به ناوەڕۆکێکی تازە و گۆڕانکارییەکی ڕوونترەوە، چاوەڕوانی ژمارە (٧٧)ی هەفتەنامەی (الناقوس)بن بەم نزیکانە..

al-naqus

الناقوس